

# لە هونەرمەندێکی گومناوی کوردەوە شاتابلۆ ببینە

تاریق کارێزی

نەمبیستووە لە هیچ دەزگا و دامەزراوەیەکی ئەکادیمیانەی هونەر لە کوردستاندا، تابلۆیەکی نیگارکێشی گەورەی کورد (سمکۆ تۆفیق) هەبێت. ئەو هونەرمەندە کوردەی زۆر جار گەلەری و مۆزەخانەی ناوداری جیهان، بەر لە تەواوکردنی تابلۆکانی، پێشتر پێی رادەگەیەنن کە دەیکڕن، پاشان هۆڵ و دیواری خۆیانی پێ دەڕازێننەوە، کەچی لە هیچ دەزگایەکی کوردستان، یان هیچ ماڵە کوردێکدا وێنە یان کۆپیی تابلۆیەکی ئەو هونەرمەندە مەزنە نابیندرێ. تابلۆکانی سمکۆ تۆفیق زادەی ژینگەی کوردەوارین، گوتارێکی روون و رەوانی دیدەیین، لە بارەی شارستانیەتی کوردستان و کولتووری وڵاتی کوردەواری. دیدگایەکی جوانی بەرز، باڵا لە چەندین ئاستی کوالیتییەوە، دەخەنە روو. تابلۆی ئەم هونەرمەندە، لە رووی داڕشتن، فۆرم، بەکار هێنانی رەنگ، روانگە، جێ گۆڕکێی نێوان سێبەر و تاو، بەرجەستە کردنی فیگەرەوە، تا ئەو پەڕەکەی پەڕ و پاڵ دەکاتەوە.

ئەم هونەرمەندە پەروەردەی کەشی هونەرستانی شاری سلێمانییە، لەو شارەدا چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە. ئەو لە ساڵی ١٩٧٤دا، بەر لەوەی بچێتە نێو ریزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولەوە، پێشمەرگەی رەنگ و شێوە بووە. دواتریش ژیانی خۆی بۆ هەمان ئەو تەرزە پێشمەرگایەتییە تەرخان کردووە. ئەگەر پێشمەرگایەتی بە دیوێکدا عەشقی گەل و نیشتمان بێت، ئەوا لەو کاتەی لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە، واتە پتر لە چل ساڵە، سمکۆ پێشمەرگەیەکی عاشق و شەیدای جوانیی نیشتمانەکەیەتی. هونەر زادەی تێگەیشتن و دنیابینیی هونەرمەندە، لە گۆشەنیگای ئەم راستییەوە، تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە، باشترین گەواهین بۆ وابەستەبوونی سمکۆ تۆفیق بە ئەڤینی خۆشەویستێکەوە، کە ناوی کوردستانە. ئەو لە ناخەوە هەستێکی قووڵی خۆشەویستیی هەیە بۆ گەلەکەی. ئەگەر وا نەبێ، دەبێ چ خەیاڵدانێك هەبێت، هێندە فراوان بێت، کە توێشووی نیو سەدە بەرهەم و تابلۆی داکرد بێت؟ کە تا ئێستا کانیاوی زوڵاڵی کوردەواری لە توێشەبەرەی هونەر و داهێنانی ئەودا، چکبری نەکردووە.

بیرکردنەوە لە هونەر دوور لە خەیاڵ، کارێکی هۆشمەندانە نییە. هونەرێکیش نییە، لە پێدەشتی بێ بن و نادیار، هەروەها ئاڵا و واڵای خەیاڵدا پێ مەلە نەکات. لە خەیاڵدانی ئەم نیگارکێشە کارامەیەی کورددا، پرۆسەیەکی سەرسوڕهێنەر و پڕ ئەندێشەی خەیاڵ لە گەڕدایە. لەو خەیاڵدانەدا، خرۆشان و بە جۆش هاتنی خەیاڵ و واقیع، پێکەوە وێنای جیهانێك دەکەن، کە بەشی هەرە زۆری دیمەنەکانی تا دوێنێ و پێرێیەکی نزیك، کە ئێمە، یان باب و باپیرانمان دەیان بینی و تێیدا دەژیان، وێنە دەکێشن، بەڵام بەرداشی شارستانیەتی سەردەم، وەك کارخانەیەکی زەبەلاح، گابەردێکی یەکجار زل، هەموو تایبەتمەندییەکان دەهاڕێ، لە ئارد و تۆز و گەردی هەمووان هەویرێك دروست دەکات، کە بە رواڵەت رەنگی کەس، سیمای هیچ نەتەوە و گەلێکی پێوە دیار نییە، وێڕای ئەوە، هەمووان بێ ئەم لا و ئەو لا، پەسندی دەکەن و قبووڵیانە. لێرەدا (من)ی کورد ئەگەر جێ دەست و بەڵگەنامەی ستاتیکیانەی نەبێت، واتە نەتەوەیەکی بێ رەنگین. ئەمەش لەگەڵ ئێستا و رابردوومان، وەك نەتەوەیەك، وێك نایەتەوە. ئەم گرێژنەیەی بیر و هۆشمەندییە، کە ئەم هونەرمەندەی بۆ کار و ئەفراندن هان داوە.

سمکۆ تۆفیق لە رێچکەیەکی تایبەتمەندەوە، نەخشی هونەرێکی تۆکمەی کلاسیکیانەی کورد دەکێشێت. تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە، سەدان ساڵ لە مێژووی بێ بەرهەمی ستاتیکیانەی کورد، قەرەبوو دەکەنەوە، کە تێیدا لە کوردستاندا هونەری نیگار و شێوەکاری بە گشتی ئامادە نەبووە، رەنگی نەبووە. سمکۆ بە سەلیقەیەکی دەگمەن، کە ئەستەمە لە لای مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵ و تەژی لە نیگەرانی و ژاوە ژاوەدا، بەدەست بێت، هونەر دەکات، نیگار دەکێشێت. ئەم هونەرمەندە سۆفی ئاسا لە خەڵوەتگەی هونەردا کار دەکات، بە پێی رێچکەیەکی تایبەتی مۆرك کوردانە، چ نا لە رووی ئایدیا (بیرۆکە) و فیگەر و رەنگەوە مۆرك کوردانە، داهێنان دەکات.

بە سەلیقەیەکی دەگمەن، کە ئەستەمە لە لای مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵ و تەژی لە نیگەرانی و ژاوە ژاوەدا، بەدەست بێت، هونەر دەکات، نیگار دەکێشێت. ئەم هونەرمەندە سۆفی ئاسا لە خەڵوەتگەی هونەردا کار دەکات، بە پێی رێچکەیەکی تایبەتی مۆرک کوردانە، چ نا لە رووی ئایدیا (بیرۆکە) و فیگەر و رەنگەوە مۆرک کوردانە، داهێنان دەکات

بە بڕوای من، ئێمە (وەك وەزارەتی رۆشنبیری و وەك دەستەبژێر) لە ئاست داهێنانی ئەم هونەرمەندەدا، تا ئێستا کەمتەرخەم بووین. پێم وایە نووسەر و خەمخۆرە گەورەکەی هونەری شێوەکاریی کوردستان، بەختیار سەعید، لە درێژەی زنجیرە پرۆژەیەکی هونەری شێوەکاریدا، لە بەرنامەیدایە کتیبێکی تایبەت لە بارەی ژیان و بەرهەمی سمکۆ تۆفیق بڵاو بکاتەوە. ئەم هونەرمەندە لە پاڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی دیکە، بەردی بناغەی مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردستانیان داناوە. کاری دروست ئەوەیە خەم لە تابلۆ و بەرهەم و ئەرشیفەکەی بخورێ، ئەلبوومی تایبەت بە کارەکانی بە کوردی چاپ بکرێت.

لە پاڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە، بەردی بناغەی مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردستانیان داناوە. کاری دروست ئەوەیە خەم لە تابلۆ و بەرهەم و ئەرشیفەکەی بخورێ، ئەلبوومی تایبەت بە کارەکانی بە کوردی چاپ بکرێت

# ئالا رەیانی سەرقاڵی گۆرانییەکە بە زمانی سویدی

ئالا رەیانی کچە ئەکتەرو گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی رابردوو سەرقاڵی چەند کارێکی هونەری جیاجیا بووە، لەم بارەیەوە لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان وتی: وەك ئاشکرایە من بەردەوام لە بواری شانۆ و گۆرانیدا کار دەکەم و بۆ هەر یەکێك لەو دوو بوارە بەپێی پێویستی و بوونی کارەکە کاتی خۆمیان بۆ تەرخان دەکەم، سەبارەت بە بواری شانۆییەوە چەند رۆژێك بەر هاتنی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە رووم لە باکووری وڵاتی سوید کرد بۆ بەشداریکردن لە شانۆگەرییەکی تایبەت بە منداڵان شان بە شانی چەند هونەرمەندێکی دیکەی وڵاتی سوید، سوپاس بۆ خوا کارەکەمان سەرکەوتوو بوو و تا دوای نەورۆزیش بەردەوام بوو، و دوای ئەوەی لە باکووری سوید شانۆگەرییەکەمان پێشکەش کرد، بە نیازین لە چەند شوێنێکی دیکەش هەمان شانۆگەری پێشکەش بکەین.

لە درێژەی لێدوانەکەیدا رەیانی وتی: لە بارەی گۆرانی وەك پێشتریش رامگەیاند بوو ئێستا سەرقاڵی گۆرانییەکی نوێم کە بە زمانی سویدییە و بڕیار وابوو لە ماوەی رابردوودا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت دواخرا، پەنا بە خوا دوای ئەوەی هەموو کارەکانی تۆمار کردنی دەنگ و کلیپی گۆرانییەکە تەواو دەبێت پێشکەشی جەماوەری دەکەم، و سەرەڕای ئەوەی لە چەند کەناڵێك بڵاودەکرێتەوە، بەڵام رەنگە بڵاوکردنەوەی لە کەناڵەکان لە سوید و لە کوردستانیش ماوەیەکی زۆر بخایەنێت.





# سەلمان خان پۆلیس تۆمەتبار دەکات

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە چەند سەرچاوەیەکی هیندستان بڵاوکرایەوە کە ئەکتەری ناسراوی هیندستان سەلمان خان ئۆتۆمبێلەکەی بە خێرایی لێخوڕیوە لە ئەنجامدا خۆی بە چوار کەسدا کێشا و بووە هۆی بریندار بوونیان، بۆیە چەند کەسێك داوایان کرد کە پێویستە بە توندترین شێوە سزا بدرێت، چونکە ئەو کەسێکی دیار و بەرچاوی نێو کۆمەڵگەیە و نابێ ئەم جۆرە هەڵانە بکات.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر رووداوەکە سەلمان خان هاتە دەنگ و بێ تاوانیی خۆی لەم رووداوە راگەیاند و پۆلیسی بە هەوڵدان بۆ تێوەگلانی لەم کێشەدا تاوانبار کرد، سەلمان خان زیاتر وتی: من بە هیچ شێوەیەك دەستم لەو رووداوەدا نەبوو، چونکە شوفێرەکەم ئۆتۆمبێلی لێدەخوڕی و تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی ڤیدیۆیی یان شاهیدێك نییە لەسەر ئەوەی کە من خۆم ئۆتۆمبێلم لێخوڕی بێت ئەو شەوەی رووداوەکە روویدا، بۆیە هەست دەکەم کەسانێك هەبن لە پۆلیس هەوڵ بدەن من تووش بکەن و تۆمەتی نادرووستم بۆ هەڵببەستن و نازانم مەبەستیان چییە لەمە.





# مۆنیکا:
# پیاوان ئارەزووی خیانەتیان زیاترە

لە میانەی بەرنامەی (Yes I am Famous) کە لە کەناڵی (MBC) میسر پێشکەش دەکرێت، خانمە ئەکتەری ئیتاڵی و جیهانی مۆنیکا بیلۆتشی چەند نهێنییەکی تایبەتی دەربارەی گرنگترین ئەو کاراکتەرانەی کە لە ژیانی هونەرییدا بەرجەستەی کردوون و کامیان زیاتر کاریگەریی هەبووە لەسەر ژیانی، هەروەها باسی لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی کرد لەو کاتەوەی هاتۆتە نێو بواری نواندن.

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کە مۆنیکا باسی کرد خیانەتی هاوسەری بوو، وەڵامەکەی دەربارەی ئەم بابەتە تا رادەیەك مایەی سەرسوڕمان بوو کاتێك بە راشکاوی وتی: خیانەتی هاوسەری زیاتر لە پیاوانەوە دێت نەك ئافرەتان، چونکە بە هەموو شێوەیەك دەرکەوتووە کە پیاوان زیاتر ئارەزووی خیانەتیان هەیە، ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی درووستبوونی کاردانەوە لەلایەن ئافرەتان بەرامبەر بەم کاریان، بۆیە ناکرێ گلەیی تەنیا لە ئافرەتان بکرێ.


ماوەیەك بەر لە بەشداری کردنی لەم بەرنامەیەدا مۆنیکا دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی رایگەیاندبوو: من خۆم بە کەسێکی تەمبەڵ دەزانم، چونکە تا ئێستا بە بەردەوامی نەچوومەتە هۆڵەکانی وەرزش بۆ ئەوەی کێشم دابەزێت یان هیچ نەبێت بە رێکی بمینێتەوە، مۆنیکا هەروەها ئاماژەی بەوە کردبوو کە زۆر بیر لە دابەزاندنی کێشی لەشی ناکاتەوە و زۆریش حەز لە خواردنی شوکۆلاتە و مەکرۆنی دەکات و کاتێکی زۆریش لەگەڵ هاوڕێیانی لە چێشتخانەکان بەسەر دەبات.



وەسەن ئیسماعیل:

# نوێکردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان کارێکی پێویستە

له رۆژئاوای کوردستان چەند ئافرەتی بە توانا لە بواری گۆرانی و موزیکدا دەرکەوتوون کە توانیویانە بوونی خۆیان بسەلمێنن و خزمەتێکی بەرچاو بە هونەری کوردی بکەن، وەسەن ئیسماعیل کە خەڵکی قامیشلۆیە و ئێستا لە شاری ئەستەنبول دەژی یەکێکە لەوانە، بۆیە لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



*** سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریت چۆن بوو؟**

- مـن لـە گوندێکی شاری قامیشلۆ بـە نـاوی فارقیـن هاتوومەتە دنیاوە، هەرچەندە من لە خانەوادەیەکی موحافیزکار بـووك زۆر جار شـەوان هونەرمەندان لـە ماڵی ئێمە کۆدەبوونەوە و گۆرانییـان دەوت، هەروەهـا مـام و باوکـم و براکانم لەگەڵیان گۆرانییان دەوت، ئەمە وایکرد خۆشەویستیم بۆ کاری هونەری زیاتـر بێت بەتایبەتـی گۆرانی و نواندن، پێشـتر لە خانەوادەی ئێمە هیچ ئافرەتێك گۆرانی نەوتبوو، من ویستم ئەم رێچکەیە بشـکێنم وبـۆ مـن هیچ جیاوازییەکیـان نییە نوانـدن و گۆرانی وتـن، ئاواتـی مـن ئەوەیـە ئافرەتی کـورد لە هەمـوو بوارەکانی ژیانـی پێش بکەوێـت و بوونـی خـۆی بسـەلمێنێت، چونکە لە زۆر بوارد بوونی ئافرەت وەکو پێویست نییە بەتایبەت لە بواری هونەریدا .

*** ئەم رێچکە شکاندنە زەحمەت نەبوو؟**

- بێگومـان زەحمـەت بـوو، چونکـە مامـم مـەلای گوند بوو تەنانـەت دژی ئـەوە بـوو باوکیشـم گۆرانی بڵـێ، بۆیە منیش دووچـاری رەخنـەی زۆر بوومەوە، بەڵام بـرا گەورەکەم و باوکم دژی من نەوەستایەوە و تا رادەیەك هاوکارییان کردم، من زیاتر ئـارەزووم لـە بواری نواندن بوو، بـەڵام باوکم وتی من لە بواری گۆرانی وتن هاوکاریت دەکەم، بەڵام نابێ خوێندنت پشتگوێ بخـەی و حـەز دەکەم خەڵك بڵێ دەنگی خۆشـە و خوێندنیشـی تـەواو کـردووە و حەزیـش دەکـەم خوێنـدن لە بواری یاسـا تەواو بکەی، من دوو سـاڵ لە شـام لە کۆلێژی یاسـام خوێند دواتر لە ساڵی ٢٠١٢ بە هۆی رووداوەکانی سوریا ئێمە ناچار بووین وڵاتی خۆمان جێ بهێڵین و روومان کردە تورکیا.

*** ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت تـۆ زیاتـر گۆرانییەکانـی هونەرمەندی نەمر ئەردەوان زاخۆیی دووبارە دەکەیەوە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- ئـەردەوان زاخۆیـی یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە گەورەکانی کـورد کـە پێویسـتە هەمـوو کوردێـك شـانازیی پێـوە بـکات، خۆشەویسـتی مـن بـۆ ئـەردەوان زاخۆیـی وەك هونەرمەنـد و کەسـایەتی بێ سـنوورە، چونکە ئەو کەسـێکی نیشـتمانپەروەر بـوو بـە سـەر بەرزییەوە خەباتـی لەپێناو هێنانەدیـی مافەکانی گەلەکەی کردووە ژیانی ئەردەوان و چۆنیەتی شەهید کردنی و نەدۆزینەوەی لاشەکەی منی لە ناخەوە ئازار داوە، من هەر لە مناڵییەوە گوێم لە گۆرانییەکانی دەگرت و لەرووی هونەرییەوە لەسەر دەنگی نەمران ئەردەوان و محەمەد شێخۆ پەروەردە بووم.

*** بۆچی تا ئێستا سەردانی هەرێمی کوردستانت نەکردووە؟**

- بەداخەوە تا ئێسـتا بە هۆی کاری بەردەوام لە ئەسـتەنبول و سەرقاڵ بوونم بە کاری هونەری و ژیانی رۆژانەی خۆم لەگەڵ خانەوادەکەم، ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخساوە هەرچەندە من زۆر حەز دەکـەم لـە نێو کـەس وکاری خۆم لە کوردسـتانی ئازاد گۆرانی بڵێم و یەکێـك لـە ئاواتەکانم بێتـە دی کە بریتییە لە سـەردانی کردنی ماڵی هونەرمەندانی نەمر ئەردەوان و ئەیاز زاخۆیی.

*** جگە لە زمانی کوردی بە هیچ زمانێکی دیکە گۆرانی دەڵێی؟**

- بەڵـێ بـە زمانـی عـەرەبـی و تورکیـش گۆرانـی دەڵێم، بۆ درێژەپێدان بـە کاری هونـەری گرووپێکـی هونەریمان لـە ئەستەنبول دامەزراندووە، ئێستا لە رێگای ئەم گرووپە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنین بۆ وتنی چەند گۆرانییەك بە زمانی عەرەبی و تورکی.

*** بـەردەوام لـە رۆژئاوای کوردسـتان هونەرمەندی گەورە بە درێژایی مێـژوو هەڵکەوتوون و ئێسـتاش بەردەوامـن، لەوانەش بەشـێکیان ئافرەتی هونەرمەندی بە توانان، سەبارەت بە ئاستی ئافرەت هونەرمەندەکانی رۆژئاوای کوردستان چی دەڵێی؟**

- بێگومان ئێمە ئافرەتی زۆر بە توانامان هەیە لە رۆژئاوای کوردسـتان کـە توانیویانـە بەشـێوەیەکی زۆر بـاش خزمـەت بـە هونەری کوردی بکەن تەنیا لەو پارچەیەی کوردستان بەڵکو لە پارچەکانی تریش، بەڵام بەداخەوە بە هیچ شـێوەیەك هاوکاری ناکرێن بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە کاروانی هونەری خۆیان بدەن، ئەم هونەرمەندانـە پێویسـتیان بـە پاڵپشـتییەکی زۆر هەیە، بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنن.

*** ئێستا کورد لە هەموو روویەکەوە لە خەباتێکی بێوچاندایە بۆ پاراسـتنی کەلتووری رەسـەنی خۆیان لە هەمان کاتدا خاوەن چەندین زاراوەیە، ئایا زۆری ئەم شێوەزارانە کاریگەریی سلبی یان ئیجابی هەیە لەسەر پێشخستنی هونەری کوردی؟**

- بە رای من بوونی شـێوەزاری زۆر نیشـانەی دەوڵەمەندی زمـان و کەلتـوورە و کاریگەرییەکـی زۆر باشـی دەبێـت بـۆ پێشخسـتنی هونەر، پێویسـتە هونەرمەندانـی کورد هەوڵ بدات بـەم شـێوەزارە جیاوازانـە گۆرانـی بڵـێ و خـۆی نەبەسـتێتەوە بـە شـێوەزارێکی دیاریکـراو، چونکـە ئەمـە دەبێتە هـۆی نزیك بوونەوەی زیاتری میللەتی کورد و ئاشنابوونیان بە کەلتووری دەوڵەمەندی خۆیان، من خۆم هەوڵمداوە و شانازیش بەوەوە دەکەم کە شێوەزارە جیاجیاکان گۆرانی بڵێم.

*** تـۆ هیـچ بەرنامەیەکـت هەیـە بـۆ وتنـی گۆرانییـەك بە شێوەزاری سۆرانی بۆ نموونە؟**

- بەڵـێ گۆرانییەکـی زۆر خۆش هەیـە کە من هونەرمەندی گەورە عەدنان کەریم گوێم لێبووە ئەویش گۆرانی (ئەی شەمی شـەمان) کـە لە بنەڕەتـدا هونەرمەندی نەمـر (عەلی مەردان) وتوویەتی، زۆر حـەز دەکـەم ئـەم گۆرانییـە نـوێ بکەمەوە بە شێوەیەکی نوێ.

*** رات بەرامبەر بە کلیپە کوردییەکان چییە؟**

- دیارە هەر هونەرمەندێك بەو شـێوەیەی ئەو پێیخۆشـە و ئەو ستایلەی پێی باشە کلیپ تۆمار دەکات، بۆیە من ناتوانم بڵێم هەموویان سـەرکەوتوون یان سەرکەوتوو نین، چونکە هەندێکیان لە ئاستێکی زۆر بەرز و پرۆفیشناڵیدان، بێگومان هەندێکیشیان ئاستیان زۆر نزمە.

*** زۆر لـە هونەرمەنـدان کە تـۆش یەکێکی لەوانە، گۆرانییە کۆنەکان نوێ دەکەنەوە، چی دەڵێی بۆ ئەمە؟**

- بـە کارێکی زۆر بـاش و پێویسـتی دەزانـم، بەتایبەتـی بۆ ئـەوەی بەرهەمە کۆنەکانمان بـە زیندوویی بمێننەوە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد، چونکە لەوانەیە کوردێکی رۆژهەڵات ئاشنای بەرهەمێکی هونەرمەنـدی نەمر محەمەد شـێخۆ نەبێت، بەڵام کـە دووبارە دەکرێتەوە گۆرانییەکـە دووبارە زیندوو دەبێتەوە، من کـە گۆرانییەکـی ئـەردەوان زاخۆییم گوت زۆر کـەس پێیانوابو ئەمە گۆرانی منە.

**ئافرەتی زۆر بە توانامان هەیە لە رۆژئاوای کوردستان کە توانیویانە بەشێوەیەکی زۆر باش خزمەت بە هونەری کوردی بکەن، بەڵام بەداخەوە بە هیچ شێوەیەک هاوکاری ناکرێن**

**لەوانەیە کوردێکی رۆژهەڵات ئاشنای بەرهەمێکی هونەرمەندی نەمر محەمەد شێخۆ نەبێت، بەڵام کە دووبارە دەکرێتەوە گۆرانییەکە دووبارە زیندوو دەبێتەوە**